# ئەتککردنی مارشی ئەی ڕەقیب خزمەتی داگیرکەران دەکا ..!!

## فەخرەدین تاهیر

چەرمی ڕووی هێند قایمە شمشێری میسری نای بڕێ
گەر بە کەوشی کەی دەمێنێ تا قیامەت نای دڕێ

شێخ ڕەزای تالەبانی

ماوەیەک لەمەوبەر سایتی ‹ کوردستانپۆست › سردووی ‹ئەی رەقیب ›، کە هەتا ئێستا تاکە مارشی نەتەوایەتی نەتەوەی کوردە ، بە ناوێکی خوازراوەوە کە پێموایە هەر بەرپرسانی کوردستانپۆست خۆیان بن ، ئەم سروودە نەتەوەییەیان ئەتککرد ، پێشموایە بەم جۆرە کردارەیان خزمەتێکی لە رادەبەدەریان پێشکەش بە داگیرکارانی کوردستان کرد. بێگومان لەم ڕووەوەش کۆمەڵێک نووسەری بە هەڵوێستی کوردپەروەر بێ دەنگ و بێ هەڵویست نەمانەوە و هاتنە وەڵام و کوردانە و مەردانە بەنووسین و بابەتەکانیان بەرپەرچی سایتی ناوبراویان دایەوە. ئەو نووسەرە بەڕێزانە هەندێکیان بریتین لەمانە :( حەمە سەعید حەسەن ، کاوە ئەمین ، هاوڕێ باخەوان ، ئاسۆ بیارەیی ، مەهاباد کوردی .... هتد ) وێڕای سایتی کوردستاننێت و کلاو ورێژنە و هەندێک کۆمەڵەی کولتووری لە سوید هەڵوێستی مەردان و کوردپەروەرانەی خۆیان خستە ڕوو . ئەز بەشبەحاڵی خۆم نابێ لە هەمبەر ئەو کردارە نارەوایەدا بێ دەنگ و بێ هەڵویست بمێنمەوە . ئەوەی شایانی گوتنە لە ساڵی ‹١٩٦٤ › دا ، تەمەنم ‹٩›ی ساڵان بوو ، لە شاری هەولێر کە لە قوتابخانەی زانینی سەرەتایی دەمخوێند ، کرام بە ئەندامی تیپی سروودی قوتابخانەکان لە شاری هەولێر و مامۆستای سەرپەرشتکاری تیپ هونەرمەندی کۆچکردوو فوئاد ئەحمەدی نەمر بوو ، یادی بە خێر . هەر لەساڵی ‹١٩٦٤ › ەوە هەتا هەنوکە ئەم سروودە کە ئەمرۆ دەکاتە ‹٤٠› ساڵی رەبەق لە بیر و ئەندێشە و وێژدانمدا دەزرەنگێتەوە . بێگومان زۆر بیرەوەری تاڵ و شیرینم لەگەڵ ئەم سروودە نەتەوەییە دا هەیە ، بەڵام بەرلەوەی هەندێک لەم بیرەوەریانە لێرەدا بگێڕمەوە ، بەباشیدەزانم لە دەستپێکدا هەندێک دیتن و ڕامانی نووسەر و هونەرمەندان دەربارەی هەڵبەستەکەی دڵداری شاعیر و ئاوازی سروودی ئەی رەقیب کە هەتا هەنوکە تاکە مارشی نەتەوەیی نەتەوایەتیمانە بخەمەڕوو .

هەروەک زۆربەی نووسەر و ڕۆشنبیری نەتەوەکەمان ئاگادارن دڵداری شاعیر لە نێوان ساڵانی ‹١٩١٨-١٩٤٨› دا ژیاوە . شاعیری ناوبراو سەرەڕای تەمەنی کورتی خۆی بەڵام کۆمەڵێک شیعری ئاست بەرزی لەدوای خۆی بە جێهێشتووە. یەکێک لەو شیعرانەشی سروودی ‹ئەی رەقیب › ە کە نیو سەدە زێدەترە نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان وەک مارشێکی نەتەوەیی لەبەریانە و بەبێ بڕانەوەی دەیڵێنەوە.

کاک حەمە سەعید حەسەنی شاعیر و رەخنەگر لە گفتوگۆیەک بە تەلەفۆن هەر لەم ڕۆژانەدا ، لە وەڵامی پرسیارێکمدا فەرمووی : ( لەو باوەڕەدام کە دڵداری شاعیر لە نێوان ساڵانی ‹١٩٣٧-١٩٣٩ › دا لە شاری کەرکوک ژیاوە ، ئەم هەڵبەستەی لەوێ نووسیبێت ).

ئەو دیتن و ڕامانەی کاک حەمەسەعید حەسەن ڕێی تێدەچێت ، چونکە مارشی نەتەوەیی ئەی رەقیب لە کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد دا لە کاتی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان دا بە مارشی نەتەوەیی ئەی رەقیب دەستی پێکردووە ، هەروەک لە فیلم و بەڵگەنامە مێژووییەکانی دەربارەی ئەو کۆمارە تاقانەیەدا بۆ نەتەوەی کورد لە ئەرشیفدا ماوەتەوە ، باشترین سەلمێنەری ئەو ئاخاوتنەیە . چونکە کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد دا ، لە نێوان ساڵانی ‹١٩٤٦- ١٩٤٧ › دا ، حوکمرانی کردووە.

ئەوەی شایانی باسە دەربارەی ئاوازی سروودی ئەی رەقیب هەندێک نووسەر و هونەرمەند هەر یەکێک بە شێوەیەک باسیان لێوە کردووە.

پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەددین مستەفا رەسوڵ لە دیمانەیەکی تەلەڤزیۆنیدا بینیم ، لە وەڵامی پرسیارێکدا ، فەرمووی :( ئەو کاتەی کۆمەڵێک تێکۆشەری کورد لە زیندانەکانی باشووری عیراقدا ، لە زینداندا بوون ، یەکێک لەمانە کاک نووری شاوێس بوو ، وەک لە زۆر کەسم بیستووە کە گوایە ئاوازی ئەی رەقیب کاک نووری شاوێس لە زینداندا دایناوە ).

کەچی هونەرمەند حەسەن گەرمیانی لە چاوپێکەوتنی گۆڤاری ڕاماندا کە لە ژمارە ‹١٦› ی ڕێکەوتی ‹٥- ١٠- ١٩٩٧ › دا و لە لاپەڕەی ‹ ٧٣ › دا ، لە وەڵامی پرسیارێکدا کە دەربارەی سرووودی ئەی رەقیب کە بەم شێوەیە لێی کراوە و گۆڤاری ڕامان دەپرسێ :

ڕامان : تۆ پێت وایە ‹ئەی رەقیب › ێکی تر ، پێویستە بۆ نەتەوەی ڕاچەنیوی ئەمڕۆی کورد ؟ چۆن ؟

گەرمیانی : جارێ پێش هەموو شتێ شیعرەکەی ‹ ئەی رەقیب › هی دڵداری شاعیرە و ئاوازەکەیشی هیی شێخ حوسێنی جوانەمەرگ و شەهیدە کە برای شێخ مارفی بەرزنجی شەهیدە.. ئەی رەقیب با مەودایەکی زەمەنیشی بەسەردا تێپەڕیبێ ، بەڵام کە گوێت لێدەبێ وا دەزانی تازە دانراوە ، چونکە چ دڵدار و چ شێخ حوسێن و چ شیعر و ئاوازەکە یەک شتن و لە یەک ئالاون و ئیتر بۆ بگۆڕێ .. هیچ شتێکیش جێی ئەو ناگرێتەوە..!

بەڵام ئەوەی کاکی گەرمیانی باسی لێوەکردووە ، دیاری ناکات کە شێخ حوسێن بەرزنجی نەمر لە چ ساڵێک و لە چ شوێنێکدا ئەم ئاوازەی بۆ سرووودی ئەی رەقیب داناوە.

هەڵبەتە بۆ بەدواداچوون بە ماوەیەک دواتر کاتێک کاک حەسەن گەرمیانی بۆ ئاهەنگ سازکردن هاتە سوید ، ماوەیەک لەلای من مایەوە و بە هەلزانی و گفتوگۆیەکم دەربارەی ئەم سرووودە لەگەڵ بەڕێزیاندا سازکرد.موخابن هیچ زانیارێکی زێدەترم لەلای دەستنەکەوت هەر ئەوە بوو کە پێشتر لە گۆڤاری ڕاماندا باسی لێوە کردبوو . دیار بوو ئەوەیش هەر بیستبووی کە شێخ حوسێنی شەهید ئاوازەکەی دانابێت و بەس.

بەڵام ئەوەی شایانی سەرنج ڕاکێشان بێ لەم ڕووەوە ئەوەیە کە مامۆستا وریا ئەحمەدی هونەرمەندە لە ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە ‹٢١٠٢ › و ڕێکەوتی ‹ ٦- ١٢- ١٩٩٤ › دا و لە دوالاپەڕەی ڕۆژنامەی ناوبراودا ، بابەتێکی لە ژێر نێوی ( قەوانی ئەی رەقیب ) بلاوکردۆتەوە . مامۆستا وریا ئەحمەد لەم بابەتەیدا تێکست و نۆتەی ئاوازی ئەرەقیبی بڵاوکردۆتەوە.

هەر لەدەستپێکدا نۆتەکە و دواتریش تێکستەکەی بەم شێوەیە بڵاوکردۆتەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی :

**ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زبان**
**نایشکێنێ دانەیی تۆپی زەمان!!**
**قەومی کورد هەڵسایە سەر پێ وەک دلێر**
**تا بە خوێن نەخشی بکاتاجی ژیان**
**کەس نەڵی کورد مردووە کورد زیندوە**
**زیندوە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان**
**ئیمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین**
**دینمانە ئاینمانە نیشتمان**
**ئیمە ڕۆڵەی ڕەنگی وسور و شورشین**
**سەیر بکە خویناوی یە ڕرابوردومان**
**کەس نەڵی کورد مردوە کورد زیندوە؛**
**زیندوە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان**
**ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زوبان**
**نایشکینی دانەیی تۆپی زەمان!**
**لاوی کورد هەر حازر و ئامادەیە**
**گیان فیدایە گیان فیدا هەر گیان فیدا**
**کەس نەڵی کورد مردوە کورد زیندوە؛**
**زیندوە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان**

هەرمامۆستا وریای هونەرمەند لە نووسینەکەیدا نووسیویەتی : ( دوای ئەوەی مامۆستای زمانی فارسی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین ‹ د. حەمە نووری ›. زانی بە دوای مێژووی ئامێرەکانی مۆسیقا و ڕەچەڵەکیانا وێڵم ، گوتی : برۆ بۆ لای ‹ شەماڵ سائیب › شتێکی لەم بابەتەی پێ یە ، ئەوە بوو گۆرانی بێژی نەمر ‹ شەماڵ › پێشوازی لێ کردم و ئەو زانیاری یانەی لای بوو پێ ی دام ، پاشان لەگەڵ هونەر دۆست کاک ‹ نەوزاد ئەمجەد › چەند جارێک سەری دام و دەهاتە تۆمارگەی ‹ دڵدار › بۆ لام . منیش بە شانازی یەوە تا کۆچی دوایی ، زیاتر لە جارێک لە شوققەکانی ئیسکان سەریم دا لە یەکێک لەم جارانە دا ئەم بەرگە گرامەی بە دیاری دایەمن ، بەرگەکە لە شێوەی چوار گۆشە دایە درێژی لایەکی ‹١٨› هەژدە سانتیمەترەیە و ڕووی یەکەمی بەرگەکە بەوێنەیەک ڕازاوەتەوە، لە سووچی چەپی لای خوارەوەی وێنەکە دانووسراوە( کوردستان- شاخی هەورامان ) ڕووی دووەمی ئەو بەرگەش لە سەری سەرەوە نووسراوە ‹ئەی رەقیب › و لەبن ئەویش دا بە دوو دێر و نیو نۆتەی سرووودەکە نووسراوەتەوە ، ئینجا

لە دەستی راستی بن نۆتەکە دا تەواوی هۆنراوەکە و لە دەستی چەپیش ئەمەی خوارەوە نووسراوە:-

سەرپەرشتی کەری تیپی سروود

شەماڵ سائیب

سەرپەرشتی کەری تیپی موسیقا

جمیل بشیر

لە بن ئەوانیشدا بە قەڵەمی پاندان ئەم چەن دێرە نووسراوە:-

پێشکەش برای خۆشەویستم کاک < صباح نوری بەگ > بێت. بۆ یادکردنەوەی سروودی سەرکەوتنی نەتەوەی کورد ، ئیمزا : عومەر هەڵمەت / سلێمانی < ٢٥- ١-١٩٦١ > .

ئەوەی شیاوی گوتنە لەم بابەتە بەنرخەی مامۆستا وریا ئەحمەدی هونەمەندیشدا بە هیچ شێوەیەک ئاماژە بەوە نەکراوە کە لە بنەڕەتدا ئاوازەکە کێ و کەی ولە کوێ دانراوە ....!!!

ئەوەی شایانی باسە مارشی < ئەی رەقیب > کۆمەڵێک هونەرمەند و گرووپ و گۆرانی بێژ تۆماریان کردووە و هەر یەکێک لەمانە بە شێواز و دەنگی خۆیان خوێندوویانە . بەڵام وەک مارشێکی نەتەوەیی هەندێک موزیکژەنی کوردیش کە لە ئەورپا چ وەک نۆتە نووسیویانەتەوە و چ وەک گرووپی ئۆرکێسترا تۆماریان کردووە ، بەڵام ئەمجارەیان بە شێوەیەکی زۆر تازە . کە هەرە دیارییان مامۆستای نەمر قادر دیلانی هونەرمەندە . هەر لەگەڵ ئەم نووسینەدا نۆتەکەی مامۆستا قادر دیلان کە مخابن بە فۆتۆکۆپی دەستم کەوتووە ، بڵاوی دەکەمەوە ، هیوادارم ڕۆژێک لە ڕۆژان گرووپی ئۆرکێسترای کوردستان لە هەولێر ئەوەی مامۆستا دیلان دوبارە تۆمار بکەنەوە. ئەگەر پێویستیشیان بە نۆتەکەی مامۆستا دیلان هەبوو ، ئەوە من ئامادەم نۆتەکەی مامۆستا دیلانیان کە بە دەستخەتی خۆی نووسیویەتی بۆیان رەوانە بکەم.

لە هەموو حاڵتێکدا ئاوازی سروودی < ئەی رەقیب > کە ئێستاکە لە سەرتاسەری کوردستان و دونیادا ، بۆتە مارشی نەتەوەیی نەتەوەی کورد. سەد لە سەد لەو باوەڕەدام کە لە پێش ساڵی < ١٩٤٥ > دا ، ئاوازەکەی دانراوە . نەمریش هەر بۆ ئەو مرۆڤە مەزنە دەمێنێتەوە کە ئاوازی سروودی ئەی رەقیبی داناوە و ملیۆنان کورد لە کوردستان و لە تەواوی دونیادا دەیڵێنەوە و گوێچکەی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستانیان پێ کاس و هوور و گێژ کردووە.

ئەوجا ئێستا کاتی هاتووە هەندێک لەو بیرەوەریانە بگێڕمەوە کە سروودی ئەی رەقیب چ کاریگەرییەکی لەسەر خەڵکی کورد و پێشمەرگەی کوردستاندا بە جێهێشتووە.

چاکم لە بیرماوە لە سەرەتای ساڵی <١٩٦٤ > دا ، کە ڕۆژانی سێشەمە لە قوتابخانەی زازا لە هەولێر پرۆڤەمان لە سەر سروودە نیشتمانیەکانی کورد دەکرد ، هەڵبەتە یەکێک لە سروودە نەمرەکان مارشی نەتەوەیی < ئەی رەقیب > بوو . هەموو جارێک ئەگەر <تیپی سروودی قوتابخانەکانی هەولێر > لە کاتی سروود خوێندندا هەڵەیەکمان بکردایە ئەوە یەکسەر مامۆستا فوئاد ئەحمەد زۆر بە هێمنیەوە پێی دەگوتین : ( ڕۆڵەکانم ئەگەر ئێوە هەر لە ئێستاوە ئەم سروودە باش فێر نەبن ، ئەوە ناتوانن خۆتان بناسن و لە داهاتووشدا ببنە ڕۆڵەیەکی بەوەفای ئەم گەلە بەشخوراوە ) . هەڵبەتە مامۆستا فوئاد ئەحمەد زۆر قسەی دیکەی لەو بابەتانەی بۆ دەکردین ، وای لێکردبووین سروودی ئەی رەقیب و سروودەکانی دیکە بەبێ زیاد و کەم لەبەرمان کردبوو و لە بۆنەکاندا دەمانخوێند . هەر بە هۆی ئەم نووسینە ، بۆ یەکەمین جار وێنەی تیپی سروودی قوتابخانەکانی هەولێر کە لە ئاهەنگی چەژنی< دار و درەخت >دا ، کە هەتا ئەو کاتە چەژنی نەورۆز بە فەرمی لە باشووری کوردستان ڕێگای پێندرا بوو ، لە جیاتی نەورۆز ، چەژنی < دار ودرەخت > بەرێوەدەچوو . هەربۆیە لە بەهاری ساڵی < ١٩٦٧ > دا لە باخچەی کڵکەندی هەولێرئاهەنگی چەژنی < دار ودرەخت > ساز کرا، ئەم وێنەیە هی ئەوکاتەیە لە ئەرشیفی خۆمدا هەتا ئێستاکە پاراستومە ، کە یەکێک لە منالەکانیش منم و جل و بەرگی دێدەوانیمان لە بەر دایە و هەنوکە بڵاوی دەکەمەوە . زۆر چاکم لەبیرماوە لەم ئاهەنگدا دەستپێک بە سروودی ئەی رەقیب دەستمان پێکرد و دواتر یەکە بە یەکە هەر یەکەو خەلاتێکیان بەسەر دابەش کردین کە بریتی بوو لە قەڵەم پاندانێک و یەک < روبعە دیناری > سەوزی ئەو کاتە .

باوکم یادی بە خێر هەردەم باسی سەردەمی پێشمەرگایەتی خۆی لە نێو شۆڕشی ئەیلوولدا بۆ دەگێڕاینەوە و دەیگۆت : ( لە هەڵمەتەکانی پێشمەرگایەتیماندا بۆ سەر سەنگەرەکانی دوژمنان و خۆفرۆشانی کورد و کوردستان بە سروودی ئەی رەقیب زەندەقی داگیرکەرانی کوردستانمان بردبوو ، سات دوای سات سەنگەرەکانمان لێ پاک دەکردنەوە ).

بەڵام لە هەمووی سەر سووڕهێنەرتر بۆمن ئەوەبوو ، ساڵ ساڵی < ١٩٨٤ > بوو لە شاری ستۆکهۆلم لە چەژنی نەورۆزدا ، وا رێکەوت لە نێو هۆڵەکەدا پیاوێکی جوامێر تەمەنی ئەوکاتە لەسەرووی <٥٠> ساڵی دابوو ، کاتێ هونەرمەند شڤان پەروەر هاتە سەر شانۆ و بە سروودی ئەی رەقیب ئاهەنگی نەورۆزی کردەوە ، ئەم پیاوە جوامێرەی کە لە تەنیشت منەوە دانیشتبوو ، لەگەڵ هونەمەند شڤان پەروەردا سروودەکەی ئەوەندە بە حەماسەتەوە دەووتەوە ، منیش دوای تەواو بوونی سروودەکە دەستخۆشیم لێکرد و ئەم پرسیارێکم ڕوو بە ڕووی کردەوە و لە

وەڵامدا ئەم چیرۆکە سەر سووڕهێنەرەی بۆ گێڕامەوە : ( کاکی برا من پێشمەرگەیەکی قەدیمی شۆڕشی ئەیلوولم ، لە یەکێک لە هەڵمەتی پێشمەرگایەتیدا لە شەڕێکدا بە سەختی بریندار بووم ، نە داو دەرمان و نە بەنجی عەملیاتیشمان پێ بوو ، زۆریش خوێنم لەبەر دەڕۆیی و ناچار دکتۆری شۆڕش وتی دەبێ هەر ئێستا دەست بەجێ عەمەلیت بکرێی ، ئەگەرنا خەتەری مردن لێت نزیک دەبێتەوە، منیش لەوەڵامدا پێم وت : کاکی دکتۆر بە بێ بەنج عەمەلیتم دەکەی ..؟ لەوەڵامدا وتی : بەڵێ چار نییە .. منیش پێم وت موسجەلێکی بچوک و کاسێتێکی سروودی کوردیم پێیە ، تکایە با بەدەنگێکی بەرز گوێ لەو سروودانە بگرم و عەمەلیاتی خۆت دەست پێ بکە و دڵ لە دڵی مەدە ، و کاتی لە گەرمەی عەمەلیاتدا بووم و ئێش و ژانی عەمەلیاتەکەم ئەوەندە بە ژان بوو ، بەڵام کاتێ گەیشتە سروودی ئەی رەقیب و لەم دێرەدا سروود بێژان دەیانووت : ‹ کەس نەڵێ کورد مردووە ، کورد زیندووە ، زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان › ئەوەندەی دیکە گڕو تینی کوردایەتی و حەماسەتم بەرز دەبۆوە ئاگام لە ئێشی برینەکەم نەدەما ، بەڵێ بەم شێوەیە ئەم عەمەلیەتە سەختم بە کۆتا هات و ئێستاکە ئەم ڕۆژە سەختانەی خەباتی کوردایەتیم بە بیر دێتەوە و ...هتد ).

لە دوماهیدا دەمەوێ ببێژم : ئەی پێشەوا قازی مەحەمە د و هەڤاڵەکانی نەبوون بە سروودی ‹ ئەی رەقیب › ڕوو بە ڕووی پەتی سێدارە بوونەوە و بوونە شەهیدی ڕێگای ئازادی و سەرفرازی نەتەوەکەیان ..؟

ئەی لەیلا قاسم و هەڤاڵەکانی نەبوون زەندەقی بەعسی گۆڕ بە گۆڕیان بردبوو و بە سروودی ‹ئەی رەقیب › پێشوازیان لە مەرگی خۆیان کرد ..؟

ئەمە و چەندان قارەمانی دیکەی نەتەوەکەمان بوون بە هەمان شێوە بە سروودی ‹ئەی رەقیب › ڕوو بە ڕووی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان بوونەوە و سەرشۆڕیان قەبوڵ نەکردوو و گیانی خۆیان کردە فیدای خاکی پیرۆزی کوردستان .

بۆ ئەو کەسەی کە ماوەیەک لەمەوبەر لە سایتی ‹ کوردستانپۆست › دا مارشی نەتەوەیی ‹ ئەی رەقیب › ی ئەتککرد ، دەبێ ئێستا وێژدانی ئازاری نەدات کە سووکایەتی بە میلۆنان خەڵکی کوردستان و خۆی کردووە و هەست بەوە ناکات کە ئەتککردنی مارشی نەتەوەیی ‹ ئەی رەقیب › تەنیا و تەنیا خزمەت بە داگیرکەرانی کوردستان دەکا...؟

**ستۆکهۆلم ٤-١٠-٢٠٠٤**

**پەراوێز و سەرچاوەکان :**

**١- گۆڤاری ڕامان ، ژمارە ‹١٦ › ، ‹ ٥-١٠-١٩٩٧ › ل ‹ ٧٢ › هەولێر.**

**٢- ڕۆژنامەی برایەتی ، ژمارە ‹٢١٠٢ › ، سێشەممە ‹ ٦-١٢-١٩٩٤› دوالاپەڕە ، هەولێر.**

**٢- وێنەی تیپی سروودی قوتابخانەکانی هەولێر ، لە ساڵی ١٩٦٧ دا لە باخچەی گلکەند ، کە لە ڕیزی پێشەوەدا کەوتووەتە نێوان مونیکێرەنەکان مامۆستایان نوورەددین ئیبراهیم و عەبدوڵا دڵسۆز ، لەم وێنەیەدا من ئاوڕم لەلای چەپ داوەتەوە. لە ئەرشیفی خۆم .**

**٤- هەندێک لە یادداشتی بیرەوەری ژیانی خۆم .**


**٥- نۆتەی مارشی نەتەوەیی ‹ ئەی ڕەقیب ›ی مامۆستا قادر دیلانی نەمر.**

# قەوانی ئەی رەقیب

نووسینی/ وریا ئەحمەد

Kurdistan.net کوردستان نێت

## ئەی رەقیب



ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زبان
نایشکێنی دانەیی توپی زەمان !!
قەومی کورد هەر لەسایەی سەربەخۆی دەولەت دەلێن
تا بە خوێنی نەخشی بکا تاجی ثریان
کەس نەلێ کورد مردوە کورد زیندوە
زیندوە قەت نانەوێ ئالاکەمان
ئێمە رۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین
دینمانە ئاینمانە نیشتمان
ئێمە رۆڵەی رەنگی سوور و شۆرشین
سەیری کە خوێناوی یە رابوردەمان
کەس نەلێ کورد مردوە کورد زیندوە
زیندوە قەت نانەوێ ئالاکەمان
ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زبان
نایشکێنی دانەیی توپی زەمان ؟!
لاوی کورد هەر حازر و ئامادەیە
گیان فیدایە گیان فیدا هەر گیان فیدا
کەس نەلێ کورد مردوە کورد زیندوە ؛
زیندوە قەت نانەوێ ئالاکەمان

سەرپەرشتی کاری تیپی سرود
شەمال صائب

سەرپەرشتی کاری تیپی موسیقا
جمیل بشیر



دوای ئەوەی مامۆستای زمانی فارسی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین (د. حەمە نووری)، زانی بەناوی بێژووی ئامێرەکانی موسیقاو رەچەڵەکیانا ویلم، گوێی بووە بۆ لای (شەمال سائیب) شتێکی لەم بابەتەی پێیە، ئەوە لە سەرەتای هەشتاکان دا، ئەوە بوو گۆرانی بێژی ئەمن (شەمال) پێشوازی لێ کردم وئەو زانیاری یانەی لای بوو پێ ی دا، پاشان لەگەڵ هونەردۆست کاک (ئەوزاد ئەحمەد) چەند جارێک سەری دام و ئەمانە تۆمارکەی دڵدار بۆلام، منیش بە شانازی یەوە تاکو ئێستا نوابی زیاتر لە جارێک لە شوێنەکان نیشکار [illegible] یەکێک لەم جارانە دا ئەم بەرگە گرانەی بەدیاری دا پێمن، بەرگەکە لە شێوەی چوارگۆشە دایە درێژی لایەکی (١٨) هەژدە سانتیمەترییە و رووی یەکەمی بەرگەکە بە وێنەیەک رازاوەتەوە، لە سووچی چەپی لای خوارەوەی وێنەکە دا نووسراوە (کوردستان - شاخی هەورامان)، رووی دووەمی ئەو بەرگە مۆرلەسەری سەرەوە نووسراوە (ئەی رەقیب) و لەلای ئەویش دا بە دوو دێرو نیو نۆتەی سروودەکە نووسراوەتەوە، ئینجا لە [illegible] ئەوای هۆنراوەکە و لە دەستی چەپیشەوە سەرچاوەکە نووسراوە:

سەرپەرشتی کەری تیپی سروود
سەرپەرشتی کاری تیپی موسیقا
شەمال صائب
جمیل بشیر

لەپێنەوەیشدا بە قەڵەمی پاندان ئەم چەن دێرە نووسراوە:

پێشکەش بە رۆحی خۆشەویستم کاک (صباح نوری بەگ) بێت، بۆ یادکردنەوەی سروودی سەرکەوتنی نەتەوەی کورد، شیعر / عومەر [illegible] (١٩٦١/١/٢٥).

جارێکی دی دەخەڵکم خزمەتێکی بەرزی هەردوو هونەرمەندی ئەمن (شەمال سائب و جەمیل بەشیر) دەخەینە بەردەمی هونەرمەندان و رۆشنبیران، جگە لە خزمەتە زۆرەی هەردووکیان بە هونەری کوردیمانیان گەیاندووە.

Kurdistannet کوردستان نێت




Ei Raqib

Kadir Delan



-1-

ئەی رەقیب لاپەڕەی یەکەم





ئەی رەقیب لاپەرەی دوهەم)